# لە یادی (غازی بامەڕنی)ی دەرهێنەردا

د. فازڵ جاف
(سوید)

ڕیژیسۆری شانۆ، غازی بامەڕنی بەر لە نزیکەی شەش ساڵ، لە ٢٠٢٢/١٢/١٦دا کۆچی دوایی کرد، لە کاتێکدا چاوەڕوانی ئەوە بووم کە هونەرمەندانی کورد بەگشتی، شانۆکاران بەتایبەتی، پرسەیەکی شایستەی بۆ دابنێن، بەڵام کۆچی دوایی بامەڕنی لە بێدەنگییەکی گەورەدا گوزەرا، شایستەی کۆچی دوایی ئەم ڕیژیسۆرە هەڵکەوتووەی کورد نەبوو، کە زۆربەی زۆری ساڵانی تەمەنی خۆی بە بزاڤی شانۆ بەخشی.

غازی بامەڕنی، لە تافی لاویدا، لە تروپکی وزە و جۆشوخرۆشیدا، وەک ڕیژیسۆر لە بەغدا و سلێمانی و دهۆک چالاک بوو، بەڵام کارەکانی لە شاری سلێمانی و لە (تیپی نواندنی سلێمانی) دا گەیشتنە تروپک و وەرچەرخانێکیان لە ڕەوتی شانۆی شاری سلێمانی-دا دروست کرد.

بەر لە دەستبەکاربوونی، غازی بامەڕنی لە شاری سلێمانی، لە بەشی شانۆی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی زانکۆی بەغدا، قوتابی بوو، مامۆستاکان و هاوپۆلەکانی گەواهی ئەوە دەدەن کە یەکێک لە قوتابییە بەهرەدارەکانی ئەو سەردەمە بووە، ئەو بێجگە لەوەی خاوەن بەهرەیەکی ناوازە بوو، ڕۆشنبیر و خوێندەوارێکی ماندوونەناس بوو، فاکتەری ئەوەی کە عەرەبییەکی باشی دەزانی، زۆر یارمەتی دابوو چالاک بێت، پاش تەواوکردنی خوێندن، بەرهەمی ئاستبەرز پێشکێش بکات. ئەم عەرەبی زانینە غازی بامەڕنی لە هاوەڵە کوردەکانی، ئەوانەی کە هاوکات قوتابی شانۆ بوون لە ئەکادیمیا و پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا جیادەکردەوە، هەر بۆیە پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی و گەڕانەوەی بۆ کوردستان و دامەزراندن و دەستبەکاربوونی لە شاری سلێمانی، لە نێوەندە شانۆییەکەدا ئەوەی سەلماند کە لە هەمووان پتر سوودی لە خوێندنەکەی وەرگرتووە.

دوکتۆر فازڵ سودانی هاوپۆل و هاوڕێی بامەڕنی، بەم جۆرە باس لەو سەردەمە دەکات کە هەردووکیان لە بەشی شانۆی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدادا قوتابی بوون:

"خوێندن لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، بە تایبەتی خوێندنی شانۆ بۆ ئێمە خەونێک بوو، بەرکەوتنمان لەگەڵ مامۆستا گەورەکانماندا و خواستی ئەوەی لێیانەوە فێر بین، گەورەترین خەونی ئێمە بوو، هەر بۆیە لە هەموو شارەکانەوە

قوتابیان بۆ خوێندنی شانۆ ڕوویان لە بەشی شانۆی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان کردبوو، لەوانەش چەند قوتابییەک لە کوردستانەوە هاتبوون. لەو خولەدا کە منی تێدا بووم، غازی بامەڕنی و تەڵعەت سامانی تێدا قوتابی بوون.

لە قسەکانی د. سودانی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە وریاترین و چالاکترین قوتابی ئەو خولە، سێ کەس بوون، کە پاشتر بە ڕوونی شوێندەستیان دەرکەوت و بە پێشکەشکردنی بەرهەمی ناوازە و دەوڵەمەند توانایی و بەهرەی خۆیان لە بواری شانۆدا سەلماند، ئەوانیش شانۆکاری بەناوبانگی عێراقی د. فازڵ خەلیل و د. فازڵ سودانی و غازی بامەڕنی بوو.

قسەکانی د. فازڵ سودانی ئەوە دەسەلمێنن کە غازی بامەڕنی، وەک قوتابییەکی کورد، لە ناو هەموو قووتابییەکاندا، پێگەیەکی تایبەتی هەبووە، "مامۆستاکان و قوتابییەکان بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە تەماشایان کردووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە بەرهەم و چالاکییەکانی ئەکادیمیا، لە مەشق و ڕاهێنان و سۆراخ و پشکنین دانەدەبڕا و وەک قوتابییەکی ئاستبەرز و خاوەن خەون و پرۆژە، ئامادەیی هەبوو".

لە ئەنجامی ئەم هەوڵ و کۆشش و خۆشوخرۆشە، پاش تەواوکردنی خوێندنی شانۆ ساڵی ١٩٧١، هونەری دەرهێنانی شانۆیی کرد بە پیشەی خۆی، جار نا جاریش لە ڕۆڵی بچووکدا وەدەر دەکەوت، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا ناوی وەک یەکێک لە ڕێژیسۆرە باشەکانی شاری سلێمانی دەنگی دایەوە.

دەربارەی کەسایەتیی بامەڕنی و خواست و ئامانجی لە خوێندنی هونەری شانۆدا، د. فازڵ سودانی دەڵێت:

"غازی بامەڕنی خاوەنی کەسایەتییەکی تایبەت و جیاواز بوو، بۆیە هەر لە یەکەم دیدارەوە کە لە ئەکادیمیا یەکترمان ناسی، هەستم بە ئاسوودەیی



**غازی بامەڕنی**

کرد، هەستم کرد کە کەسایەتییەکی تایبەتە، هەر لە سەرەتای ئاشنابوونمان بە یەکتر، بۆم دەرکەوت کە لەو جۆرە قوتابییانە نییە هاتبێت بە مەبەستی ئەوەی تەنیا بڕوانامە بەدەست بهێنێت، پاشان وەک کارمەندێک لە شوێنێک دابمەزرێت، نەخێر! هەر زوو تایبەتمەندییەکم تێدا بەدی کرد، کە ئەمە کەسێکە، تەنانەت لە پێوەندییەکانیشدا هونەرمەندە و هونەرمەندانە ڕەفتار دەکات و هاوڕێ و هاوکارانی هەڵدەبژێرێت، هەر بۆیە لەگەڵ هەموو کەسێک پێوەندی نەدەبەست. غازی بامەڕنی لە ناو هاپۆلەکانیدا بە جددییەت ناسرابوو، بەتایبەتی لە خوێندندا، ئەمەش لە هەموو هەنگاو و هەڵسوکەوتێکیدا دیار بوو، کە ئەمە هونەرمەندێکە ناوی (غازی بامەڕنی)یە، کەسێکی زۆر ڕاستگۆ و جددی و دڵسۆزە و بە گیانێکی تژی لە میهرەبانی و کراوەیی بەرانبەر بە کەسانی تر ڕەفتار دەکات، بەڵام بێگومان وەک گوتم دەشیزانی چۆن هاوڕێیە نزیکەکانی خۆی هەڵبژێرێت، هەر لە بەر ئەم هۆکارەش بوو تۆزێک گۆشەگیری و دوورەپەرێزی پێوە دیار بوو. ئەم گۆشەگیرییەشی بە هۆشمەندی و ئاگاییەوە هەڵبژاردبوو، بە مەبەستی ئەوەی سەرقاڵی شتی لاوەکی و پڕوپووچ نەبێت و خۆی بە شتی بێبایەخ خەریک نەکات، بگرە وەک هونەرمەندێک کاتەکەی بۆ پێگەیاندنی خۆی

تەرخـان دەکـرد. غـازی بامەڕنـی کۆششـی بـۆ ئـەوە دەکـرد باشـتر و قووڵتـر لـە هونـەری شـانۆ تـێ بـگات و زۆرتریـن زانیـاری لـە شـانۆدا بـە دەسـت بێنێـت، بە کـردەوەش پیشـانی بـدات کـە نمایشسـازە و بەرهـەم پێشـکەش دەکات.

ڕاسـتییەکەی غـازی بامەڕنـی دەیویسـت فێـری هونـەری شـانۆ بێـت بۆ ئـەوەی لە ئایینـدەدا، وەک دەرهێنـەر، بـە کـردەوە شـانۆ بەرهـەم بهێنێـت، شـانۆیەک کـە خزمـەت بـە گەلەکـەی، گەلـی کورد، بـکات، بۆیـە هـەر لـەو کاتـەوە خولیـای ئـەوەی لـە مێشـکدا بـوو کـە شـانۆیەک بەرهـەم بهێنێـت گوزارشـت لـە میللەتەکـەی بـکات، شـانۆیەک کـە پەیامێکـی سیاسـی و مرۆییانـەی هەبێـت، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی کـە ژیانـی غـازی بامەڕنـی لـە بەغـدا ئاسـان نەبـوو، ئـەو بـە ڕۆژ دەیخوێنـد، بـە شـەویش وەک کرێـکار کاری دەکـرد، ئەمـەش یەکێـک بـوو لـە تایبەتمەندییەکانـی ئـەو کـە ژیانـی بریتـی بـوو لـە تێکۆشـان لـە پێنـاوی خوێنـدن و بژێـوی، بۆیـە بـەردەوام پـاش خوێنـدن هـاوکات کاری کـردووە. بەکورتـی ئـەوەی لـە کەسـایەتی (غـازی بامەڕنـی)دا جێگـەی سـەرنج بـوو، ئەوەبـوو کـە شـانۆ هەمـوو ژیانـی بـوو، تەنانـەت ئەمـە لـە هەڵسـوکەوتی ڕۆژانەشـیدا، لـە هەمـوو باسوخواسـێک سـەبارەت بـە بابەتەکانـی شـانۆ، نوانـدن و دەرهێنانـی شـانۆیی ڕەنگـی دەدایـەوە، ئـەو وەک ئـەوە دەژیـا کـە ئەکتەر بێـت و بەردەوام نوانـدن بـکات، ئەمـەش بـە مانـا پۆزەتیڤەکـەی نوانـدن، بـە ئەندازەیەکـی ئەوتـۆ کـە دەیویسـت بـەردەوام، تەنانـەت لـە ژیانـی ڕۆژانەشـیدا ڕاهێنـان بـکات و فێـری هونـەری شـانۆ بێـت، بۆیـە هەسـتت دەکـرد کـە بـەردەوام ڕۆڵ دەبینێـت".

غـازی بامەڕنی، پـاش وەدەسـتهێنانی بەکالۆریـۆس لـە شـانۆدا، لەنـاو هەمـوو شـارەکانی عێـراق و کوردسـتاندا، بـۆ کارکـردن شـاری سـلێمانی هەڵبـژارد، چونکـە یەکێـک بـوو بـە دڵ و بـە گیـان و بـێ ئەنـدازە شـاری سـلێمانی خـۆش دەویسـت، ئەمـە لـە لایـەک، لـە لایەکـی تریشـەوە، سـلێمانی وەک هەمیشـە بزاڤـی شـانۆیی تێـدا چـالاک و لـە گەشـەدا بـوو.

بەشـبەحاڵی خـۆم بـۆ یەکـەم جـار کـە غـازی بامەڕنـی-م بینـی، لـە فیسـتیڤاڵێکدا بـوو لـە شـاری بەغـدا، شـاری سـلێمانی بـە نمایشـی (مانگرتـن)ی نووسـەری ئەمریکایـی چەپـڕەو (کلیفـورد ئۆدیتـس) بەشـداریی کردبـوو، بامەڕنـی لەنـاو بینەرانـدا، لـە نزیـک منـەوە دانیشـتبوو، ئـەو کات مـن هێشـتا لـە نزیکـەوە نەمدەناسـی، کـە نمایشـەکە خەڵاتـی پـێ درا، لەنـاو بینەرانـەوە هەسـتایە سـەر پـێ، بـە دەنگێکـی بـەرز هـاواری کـرد: "سـلێمانی، سـلێمانی، سـلێمانی" پێـم سـەیر بـوو، کەسـێک ئەوەنـدە شـارەکەی خـۆی خـۆش بوێـت، کـە پرسـیارم کـرد، گوتیـان ئـەوە: ڕێژیسـۆرەکەیە، (غـازی بامەڕنی)یـە، ئیـدی ڕۆیشـتم دەسـتخۆشـیی کارەکـەم لێـی کـرد.

غـازی بامەڕنی، دەرهێنانێکـی جوان و سـەرکەوتووی بـۆ نمایشـەکە کردبـوو، یەکـەم جـارم بـوو، کاری ڕێژیسـۆرێکی کـوردم بـەو جـۆرە بـەدڵ بێـت. ئـەو توانیبـووی لـەڕووی میزانیسـێن (دابەشـکردنی ئەکتـەرەکان و جووڵەکانیـان) بیسـەلمێنیت کـە شـارەزای هونـەری دەرهێنانـی شـانۆییە، ئـەم وەسـتایەتییە لـەو سـەردەمەدا زۆر کـەم لـە کاری ڕێژیسـۆرەکانماندا دەبینـرا.

غـازی بامەڕنـی لـە پـەروەردەی سـلێمانی کاری دەکـرد، لـە (تیپـی نواندنـی سـلێمانی)یش چـالاک بـوو، درۆ نییـە ئەگـەر بڵێـم، تیپـی نواندنـی سـلێمانی، یەکـەم جـار بـوو ڕێژیسـۆرێکی هونەریـی لێهاتـوو بەخۆیـەوە ببینێـت. بـەر لـە غـازی بامەڕنـی کارە هونەرییەکانـی تیـپ، زۆرتـر شـقڵی چیرۆکـی میللـی و فولکلـۆری و زرکـە کۆمیدیـای هەزەلییـان بەسـەردا زاڵ بـوو، بـەڵام بـە هاتنـی غـازی بامەڕنـی، ڕەوتـی هونەریـی تیپـی نواندنـی سـلێمانی تـەواو گـۆڕا، تیپەکـە بـوو بـە یەکێـک لـە تیپـە گرینگەکانـی سـلێمانی، بگـرە سەرانسـەری

کوردســتانیش، هیــوادارم ئەندامانــی تیپــی نوانــدن، لــەم ڕووەوە ڕۆڵــی غــازی بامەڕنــی وەک ڕێژیســۆری تیپەکەیــان، لــەو قۆناغــە گرنگــەدا لــە مــن باشــتر، بــە نووســینێکی تێروتەســەلتر بنرخێنــن.

وەک کەسایەتی خــۆی، غــازی بامەڕنــی کەســێکی زۆر سادە و خاکــەرا بــوو، خــۆی خــۆی پێگەیاندبــوو. لــە سلێمانی لەبــری ئــەوەی لــە ئاپارتمــان و ئوتێلــدا بــژی، هــەر لــە یەکێــک لــە ژوورەکانی (تیپــی نواندن) دا دەژیــا، کــە ئــەودەم بارەگاکــەی لــە بینــای تۆفیــق قــەزاز بــوو. بامەڕنــی کەســێک بــوو تــەواو عاشــقی شــانۆ بــوو، بێجگــە لــە شــانۆ چێــژی لــە هیچ شــتێکی دیکــە نەدەبینــی، دوور لــە خواردنــەوە و دوور لــە جگــەرە، ئەمــەش لــە نێوەنــدی شــانۆدا نــاوازە بــوو. تاکــە خۆشــیی ئــەو هونــەر بــوو، پرۆڤەکــردن بــوو. هەمــوو کاتەکــەی بــۆ شــانۆ تەرخــان کردبــوو، ئــەو لــە پەرســتگەی شــانۆدا دەروێشــێک بــوو.

ئەوانــەی ئــاگاداری ڕەوتــی هونــەری غــازی بامەڕنــی ـن، ڕەنگــە ئــەم نمایشــانەی ئەویــان لەیــاد بێــت: (فیلەکــەی خاوەنشــکۆ)، (کۆتایــی زۆردار)، (مانگرتــن)، (شــاخەوانی مــەزن)، (نرخی ئــازادی)، (ئابڵووقــە).

بــۆ کەســێک، توێــژەر، یــان ڕەخنەگــر بێــت، بابەتییانــە شــرۆڤەی ئــەو قۆناغــەی شــانۆی شــاری سلێمانی بیــەوێ بــکات، دەگاتــە ئەنجامــی ئــەوەی کــە ئــەم نمایشــانە، لــە ڕەوتــی شــانۆی نیــوەی یەکەمــی حەفتاکانــدا، بایــەخ و پێگــەی خۆیــان هەیە، تایبەتمەندێتــی ئــەم نمایشــانە و ڕۆڵــی بامەڕنــی وەک دەرهێنــەر، لــەم دوو خاڵــەدا خۆیــان دەنوێنــن:

**یەکەم:** پەنابــردن بــۆ دەقــی شــانۆنامەی ئەدەبیــی شــانۆیی بیانی، ئەمەشیانی بە دوو شێواز بەرجەستە کردبــوو، یەکەمیــان بەرجەســتکردنی شــانۆنامەکان بــە دەســتکارییەوە، وەک (شــاخەوانی مــەزن)، لــە شــانۆنامەی (ئادابــا)ی نووســەری عێراقــی (مەعــد جبووری)یــەوە، یــان (فیلەکــەی خاوەنشــکۆ)، لــە نووســینی نووســەری ســووری (ســەعدوڵا وەنــووس)ــەوە. یــان (ئابڵووقــە)ی نووســەری عێراقــی (عــادل کازم)ــەوە. دەســتکاریکردنی ئــەم شــانۆنامانە زیاتــر وەرگێــڕان و کورداندنــی گرتبــووە خــۆ، بەبــێ ئــەوەی هیــچ جــۆرە شــێواندن و لەکەدارکردنێــک بــە دەقەکــەوە دیــار بێــت.

**دووەم:** ئــەو دەقانــەی کــە وەک خــۆی پێشــکەش کــران، نموونــەی (نرخــی ئــازادی)ی نووســەری ئیسپانی ئێمانوییل ڕۆبڵز بوو، شانۆنامەی "نرخی ئــازادی" نووســینی ئێمانوییــل ڕۆبلــز دەربــارەی ململانێی دژ بە داگیرکاریی فەرەنسی لە جەزایرە. چیرۆکەکــە بــاس لــە بەرخودانــی گەلــی جەزایــر دەکات و ســەرنج دەخاتــە ســەر ئــەو قوربانییانــەی خەڵــک لــە پێنــاوی ئازادیــدا دەیــدەن. زۆرجــار کارەکتــەرەکان نوێنەرایەتــی هێمــا نەتەوەییــەکان دەکــەن، وەک خەباتکارانی بەرگەکر کە ڕووبــەڕووی داگیرکــەر دەبنــەوە. ئــەم شــانۆنامەیە پــڕە لە هەســت و ئاڵــۆزی و بەهــای قوربانــی، نیشــتمانپەروەری و ســووربوون لەســەر دیاریکردنــی چارەنــووس دەردەخــات. ئــەوە کارێکــە تیشــک دەخاتــە ســەر خەباتــی گەلانێکی داگیرکراو و بــۆ بیرکردنــەوە لــە نرخــی ئــازادی بانگهێشــتیان دەکات.

شــانۆنامەی "نرخــی ئــازادی" لــە کەشــوهەوای شۆڕشــی جەزایــری دژ بــە داگیرکاریــی فەرەنســا ڕوودەدات. ڕووداوەکان ســەرنج دەخەنــە ســەر تێکۆشــانی گرووپێــک لــە خەباتــکاران کــە دژ بــە ســتەم و چەوســاندنەوە دەوەســتنەوە. پاڵەوانــە شۆڕشــگێڕەکانی نــاو شــانۆنامەکە لــە پێنــاوی ســەربەخۆیی وڵاتیــان، ژیانــی خۆیــان دەخەنــە مەترسییەوە. کارەکتــەرەکان زۆربەیــان بریتیــن لــە ســەرکردەی بەرخــودان. شــانۆنامەکە پرســیارێکی گرنــگ دەربــارەی واتــای ئــازادی و دادپــەروەری دەورووژێنێــت و بینــەر هــان دەدات بــۆ بیرکردنــەوە لــەو بڕیارانــەی لــە ســەختترین دۆخەکانــدا دەدرێــن.

ئێمانوییــل ڕۆبلــز نووســەر و ڕۆماننووســێکی فەرەنســی بــوو، کــە ســاڵی ١٩١٤ لــە جەزایــر لەدایــک

بووە، لەو کاتەی جەزایر داگیرکراوی فەڕەنسا بوو. دیارە خەبات و تێکۆشانی گەلی جەزایر کاریگەرییەکی ویژدانی لە سەر هزر و هەستی ئەو نووسەرە فرەنسییە کردبوو، هەر بۆیە هەڵوێستی خۆی دژ بە وڵاتەکەی خۆی، دژ بە فرەنسا لە شانۆگەرییەکەدا بەرجەستە کردووە.

دیارە ئەم کارە هونەرییەی غازی بامەڕنی گەلێک دەنگی دایەوە. پەیام و ئەرکی نمایشەکە دەقاودەق گوزارەی لەو ڕۆژگارەی پاش قۆناغی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول دەکرد، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بە بۆچوونی خۆم، نمایشەکە لەڕووی هونەری دەرهێنانی شانۆییەوە، دەکرێت بە یەکەم نمایشی شانۆیی لە شاری سلێمانی دابنرێت، کە ڕێژیسۆر بە شێوەیەکی ئەکادیمی بەرجەستەی کردبێت، بۆیە دەتوانین بڵێین غازی بامەڕنی یەکەم دەرهێنەر بوو کە بناغەی شانۆیەکی ئەکادیمی لە سلێمانی دامەزراند.

پاش گەڕانەوەی لە وڵاتی فرەنسا، غازی بامەڕنی لە بەشی شانۆی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سلێمانی دەست بەکار بوو، ڕاستییەکەی ئەو هەر بەمەبەستی کارکردن و پەروەردەکردن و ڕاهێنانی قوتابییەکانی بەشی شانۆ گەڕایەوە، لە زانکۆ دیسانەوە لەگەڵ د. فازڵ سودانی پێکەوە وانەیان دەگوتەوە و هاوکاری یەکتر بوون.

د. فازڵ سودانی دەربارەی غازی بامەڕنی وەک مامۆستای زانکۆ دەڵێت:

"ئەو شتەی کە لە کەسایەتیی (غازی بامەڕنی)دا زۆر دڵخۆشی دەکردم، ئەوەبوو کە ئەویش وەک من، پاش تەواوکردنی خوێندن، لە هەندەران گەڕایەوە بۆ وڵات، ئەوە بوو منیش لە ساڵی ٢٠١٠ دا، وەک مامۆستای نواندن و دەرهێنان لە بەشی شانۆی زانکۆی دهۆک دەستبەکار بووم، ئەو دەمە مامۆستا غازی بامەڕنی پێشتر گەڕابووەوە و لەو کۆلێژەدا وانەی دەگوتەوە، ئەوەبوو خۆشبەختانە جارێکی دی، پاش دابڕانێکی دووردرێژ یەکمان گرتەوە، پاشتر زانیم کە غازی بامەڕنی بەردەوام ناوی منی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی شانۆ پێشنیاز دەکرد، بۆ ئەوەی لە بەشی شانۆی زانکۆی دهۆک، وەک مامۆستا کار بکەم. یەکەم ڕۆژ کە گەیشتمە دهۆک، هەر کە غازی بامەڕنی بە هاتنەکەمی زانی، دەستبەجێ لە ئوتێلەکەدا سەردانی کردم. لەو دیدارەدا، بیرەوەرییەکانی ساڵانی ڕابووردوومان بەسەر کردەوە. لەو دانیشتنەدا تێگەیشتم کە غازی بامەڕنی پاش تەواوکردنی خوێندن لە زانکۆی بەغدا، لە شاری سلێمانی دەست بەکار بووە و چەندان نمایشی شانۆیی لەوێ پێشکەش کردووە، ئەوجا پاش گەڕانەوەی لە هەندەران، لە زانکۆی دهۆک وەک مامۆستا کار دەکات، پاشتر لە نزیکەوە بۆم دەرکەوت کە مامۆستایەکی زۆر دڵسۆزە، بەردەوام هەوڵ دەدات قوتابییەکانی فێر بکات و بە شێوازێکی دروست پێیان بگەیەنێت. غازی بامەڕنی وەک مامۆستا بەرانبەر بە قوتابییەکانی دڵ و مێشکی کراوە بوو، ئەو زانیاریانەی کە بەدەستی هێنابوون، بە قوتابییەکانی دەبەخشی، نەک هەر ئەوەندە، بگرە هەوڵی دەدا ئەو زانیارییانە تێکەڵ بە ئەزموونی هونەری خۆی بکات، ئەوجا بە قوتابییەکانی ببەخشێت، هەر بۆیە قوتابییەکانی سەرکەوتوو بوون و زۆر هۆگر و هەواداری بوون، لە بەرانبەردا ئەویش دڵسۆزانە، وەکوو باوک، ڕەفتاری لەگەڵ دەکردن، ئەمەش لە ڕووی پەروەرەییەوە گەلێک گرنگە کە مامۆستا بتوانێت پێوەندییەکی ئاوا پتەو و گەرم لەگەڵ قوتابییەکانیدا دروست بکات، هەر بۆیە قوتابییەکانی سەرکەوتوو بوون و پێوەندیشیان بە شانۆوە پێوەندییەکی ڕاستودروست بوو.

هیوادارم ڕۆڵ و پێگە و کاریگەریی نمایش و کارەکانی ڕێژیسۆری لێهاتوو غازی بامەڕنی، وەک یەکەم ڕێژیسۆری ئەکادیمی فەرامۆش نەکرێت.